## یـوگـوسـلاڤـیا

# جەنگی ئیمپریالیستی دژی پرۆلیتاریای جیهانی

بەلای ئێمەوە لێکۆلینەوە لەو جەنگەی کە لە یوگوسلاڤیادایە گرنگە. ئەم جەنگە گرنگی یەکی گەورەی هەیە نەك تەنیا لەرووی سەرئەنجامە ڕاستەوخۆکانیەوە لەسەر باری ژیان و خەباتی پرۆلیتاریەکان لە ناوچەکەدا- بەلکو هەروەها گرنگە بۆ پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیست، وە لەبەر ئەوەش کە وێنەیەکی پێشینی ڕاگەیەنەر و نیشاندەری ئەو بەیەکادانە سەربازیانەیە کە بەرێوەن.

ڕووداوە واقیعیەکانی جەنگەکە، پەرەسەندنی درندانەی بۆمبارانەکان، کوشتارکاریەکان، ئەشکەنجەدانەکان، دەستگیرکردنەکان، بە ئاشکرا نیشانی ئەدات کە ئەم جەنگە جەنگە دژی پرۆلیتاریا، دژی بەرژەوەندیەکانی و دژی بزووتنەوە خەباتکارانەکەی.

ئەم واقیعەی جەنگەکە نیشانی دا، بۆ نموونە، لە تەموزی 1991دا، لە بانجا لوکا( لە کرواتیا، لە بەرەکانی پێشەوە لەگەل بۆسنیا-هێرزۆگۆڤین دا) هەر بە گەیشتنی دەستە چەکداریەکان، بەکرێ گیراوەکان، کوماندۆ خوێن ڕێژەکان بە لادێکان هەلسان بە گێرانی قەسابخانەکان. کەوتنە ڕیزکردنی دانیشتوان بە گوێرەی ئەوەی کە کێ لە بنەڕەتەوە سێربی یە و کێ کرواتی، ئینجا ڕێزنان لەو کرواتیانەی کە ئامادەن بێنە ڕیزەکانیانەوە و هەستن بە دەستگیرکردنی سێربی یەکان. بەم شێوەیە دەستەکانی شەڕ دروست کرا لە هەموو بەرەکانەوە و دانیشتوانەکە کەوتنە هەلاتن. دوابەدوای ئەوە سوپای فیدرالی پەلاماری لادێکانی دا، لەسەرەتادا کەوتە بۆمباباران کردنیان و ئینجا کردن بە نیشانەی ئەوانەی کە توانای هەلاتنیان نەبوو. هەلاتووەکان کە بە ڕەگەز کرواتی، هەنگاری، سێربی بوون، ڕایان کرد ڕووە و شارە گەورەکان، یان بەرەو ڤوکڤودینا و هێرزوگوڤین.

ووردە ووردە، ئەم کردارە جەنگیانە پەرەی سەند، هەندێ جار میلیشیا کرواتی یەکان پێی هەل ئەسان، ئەوانەی کە ڕقی ئەوەیان تیا دروست بووبوو کە هەرئەبێت کرواتیەکان سەرکەون، هەندێ جاریش میلیشیا سێربی یەکان، ئەوانەی کە ڕقی هەر ئەبێت سێربی یەکان بیبەنەوە هاندەریان بوو. بەلای دانیشتوانەکانی تری لادێکانەوە وەکو ئەوە وابوو کە بومەلەرزەیەك ڕووی دابێت. لە کاتێکدا کە بۆ چەندین سالە " سێربیەکان" ، " کرواتیەکان" ، " هەنگاریەکان"، بەشێوەیەکی وا تێکەل بەیەکتری بوون کە ئەوە لە ئارادا نەماوە خۆیان دیاری بکەن بەوەی کە سەر بەم گروپ یان بەو گروپی ڕەگەزین، هێزە ناسیونالیستەکان هەستان بە خستنەکاری لێك جیاکردنەوەیەکی بەنەخشە بەگوێرەی ڕابیتەی ڕەگەزیان.

ئەم کردەوە جەنگیانە مەبەستێتی هەرچی زیاتر و زیاترە شارە گەورەکان بگرێتەوە. لەبەر ئەوە بۆ نموونە سەنتەری پیشەسازی لە شاری ڤوکوڤار دا بە درێژایی سێ مانگ بۆمباباران کرا لە لایەن سوپای فیدرالی یەوە. دانیشتوانەکەی چەندین شەو و ڕۆژیان بەسەر برد لە ئەشکەوتەکاندا. هێزی بەرگریان دروست کرد، کەوتنە یارمەتیدانی یەکتری، پێکەوە لەگەل هەموو ناسیونالیستەکاندا. سوپای ناسیونالیستی کروات و یوستاس(هێزە فاشیستەکان) هەستان بە ڕۆلی ڕێکخستنی داپلۆسینی ناوخۆ. کاتێکیش کە سوپای فیدرال گەڕانەوە شارەکە، بینرا کە ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکان لە پشتەوە لێدراون، بەکورتیەکەی فەوتێنراون چونکە ئامادە نەبوون خۆیان بخەنە ژێر ڕێکیفی سوپای ناسیونالیستی کروات یان یوستاسەوە.

سەرئەنجامە گشتی یەکانی ئەم جۆرە پەلاماردانە بریتی یە لە:

* کەلەپاچەکردنی بێ جیاوازی پرۆلیتاریەکان، وەکو بۆ نمونە دیارە لە دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەلەکاندا، کە لاشەی " سێربی" ، "کرواتی" ، "بۆسنی" . . .یەکان کراون بەسەر یەکدا.

"ئایا تۆی ملادیك؟"
"بەلی منم، تۆ ئۆلد دیڤلی، چیت ئەوێت؟"
"سێ لە ڕۆلەکانم بەم زوانە بێ سەرو شوێن بوون . . .وە ئەمەوێت بزانم کە چیان بەسەر هاتووە."
"باوەڕم وایە کە هەموویان مردوون."
"یەکێك لە کەس و کاری ئەوانم ئێستا لایە، کەواتە ئەتوانم بە دلنیایی پێیان ڕاگەیەنم کە نەماون؟"
"بەلێ، بێ گومان. بەم بۆنەیەوە سلاوم هەیە بۆت. مالەوە چۆنن؟"
"خراپ نین، سوپاست ئەکەم. ئەی مالی ئێوە؟"
"زۆر باشن، ڕوو لە باشتریشین."
"پێ خۆشحالم کە هەوالەکان وا خۆشن. مادام هەر لەسەر خەتیشین پێکەوە، با پێت بلێم کە نزیکەی بیست لاشەیەکی

ئێوەمان لایە لە بەرەی پێشەوە و بە ڕووت و قوتی کەوتبوون بەسەر یەکدا. فڕێماندانە ناو چاڵێکی بە کۆمەڵەوە و ئێستا بۆگەنیان ئەگاتە کەشکەڵانی فەلەك. لە دەرفەتێکدا بێیت و هەڵیان گریت چونکە بەڕاستی بێ کەلك بوون. . . "

**ئەوە وتوویژێکی تەلەفونی یە لە نێوان جەنڕال ملادیك، کۆماندۆی سوپای چەکداری سێرب لە کنین، و سەرکردەی هێزی وەزارەتی ناوخۆیی کرۆات لە سپلیت دا. وتویژێکە لە نێوان دوو کەسدایە کە دیارە باش یەکتر ئەناسن( هەمان پیشەیان هەبووە لە سوپای ناسیونالیستی یۆگۆسلافیادا) وە کراوە بە ڕاپۆرت لە لایەن میشا گلینی، پەیام نێری OBB، لە کتێبەکەی دا بە ناوی" هەرەس هێنانی یوگۆسلافیا".**

* دەستگیرکردنی سەدەها هەزار کەس وەك دیلی جەنگ و خزاندنیانە ناو کەمپە جۆراوجۆرەکانی سەر ئاستی هەموو ناوچەی یوگۆسلافیای پێشو.
بۆ نمونە، ئەمڕۆ کەمپە دەست بەسەریەکان ئەبینیت لە سێربیادا هەروەکو چۆن لەو بەشەی بۆسنیاشدا کە لەژێر دەستی میلیشیا کرواتیەکاندایە. هەروەها ئەتوانیت لەو کەمپانە ببینیت لە دەوری شارەکانی سلۆڤینیادا کە دەولەت پێی ئەڵێت پارکەکانی پەنابەرەی "خۆی" – ئەو سلۆڤینیایەی کە هەموو جیهان دلنیامان ئەکاتەوە لەسەری بەوەی کە یەکێکە لە نموونە سەرکەوتووە دیارەکانی گۆرانکاری لە یۆگۆسلافیادا!

* دروست کردنی لێشاوی پەنابەری ( زیاتر لە 2.3 ملیۆن لە تەموزی 1992دا بە پێی تەقدیری کۆمیتەی باڵای پەنابەری نەتەوە یەکگرتووەکان)، ئەوانەی کە هەول ئەدەن هەرچۆنێك بووە هەل بێن لە قەسابخانەکان و خۆیان بگەیەنە سەر جادەکان، بە هیوای بەدەست هێنانی کەلاوەیەکی پەناگای دوور لە شوێنێکی تر. هەر لە هەمان کاتدا، لە سلۆڤینیادا حکومەت ڕایگەیاند کە چی تر پەنابەرە یوگۆسلافیەکان ناگرێتە خۆی، لە سوید یش ـ بەهەشتی سۆسیال دیمۆکراتی بەلای هەندێ کەسەوە ـ حکومەت دەستی کرد بە دەرکردنی ئەو پەنابەرانەی کە لە سلۆڤینیا و کۆسۆڤۆ وە هاتوون، لە دانیمارکیش، حکوموت زیاتر لە دووسەد سێربی قاچاغی ڕەوانە کردەوە. . .

* ڕەوانەکردنی پەنابەرەکان بۆ ڕیزەکانی پێشەوەی شەڕ. . . بۆ ئەوەی لەوێوە بگەن بە " کەمپەکەی خۆیان".

ئاوا بەزۆر دەست نیشانی نزیکەی 200 پەنابەری موسلمانی بۆسنی لە کەمپی کارلۆڤاك لە کرواتیادا کرا، لە سەعات چواری سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەمەی 17 ی ئابی 1992 دا لە لایەن هێزە سەربازیەکانی کرواتەوە کۆکرانەوە و نێردرانەوە بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ لە بۆسنیا. هەندێك لەوانە تازە بەردرابوون لە زیندانەکانی سێرب. هەموو ئەو پیاوانەشی لە کەمپەکەدا تەمەنیان لە نێوان 18–60 دا بوو ڕاپێچ کران بۆ پاسێك و نێردران بۆ ڕیجیکا، بۆ کەناری ئەدریاتیك، لەوێوە وەڵامی هەڵوێستە تێکۆشەرانەکەیان درایەوە.

تا ناوەڕاستی تەموز، چوار هەزار پەنابەری پیاو" ئامادەکران"، و پاشان گێردرانەوە بۆ بەرەی پێشەوە بە ڕێگای ڕیجیکا و سپلیت دا. جێگری سەرکۆماری کرواتیا، ماتی گرانیك، لە ڕۆژی سێ شەممەی 18ی ئابی 1992 دا، پێناسەی ئەم کردارەی کرد بەوەی کە " پێشێل کردێکی گشتی مافەکانی مرۆڤ"ە. بەڵام پاکانەی بۆ کرد بەوەی کە لە ناچاری بەرگرتندایە بە" تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی" لەم وولاتەدا.

بەهەمان شێوە لە بەلەگرادیش ئەو پەنابەرانەی لە کرواتەوە هاتبوون و تەمەنیان لەسەرو 20 سالەوە بوو نێردران بۆ بەرەکانی پێشەوە" بۆ دامرکاندنەوەی ئەوانەی لە بەلەگراد دا توڕە بوون و زەرزەنشتی پەنابەرەکانیان ئەکرد لەسەر ئەوەی کە ژیانی خۆیان ئارام نی یە لە سێربیادا".

* ڕاستەوخۆ،سەرکوت کردنێکی بەربلاو دژ بە هەموو ئەوانەی بەرپەرچ ئەدەنەوە. دەولەت بە جەنگ، بەجەمسەر گرتنی سەربازیانەی کۆمەل، بواری ڕامالینی تەواوەتی هەموو ئەو سەربزێوانە ئەدات کە ڕێزی ئەو بەها نیشتمانی و ئایدیۆلۆجیانە ناگرن کە گەلاڵە کراوە لە هەموو بەرەکانەوە. هەموو ئەوانەی سەر ڕێگاکەیان گرتووە بەسادەیی ڕائەمالرێن!

به گوێرەی قسەی HCR زیاتر لە سەد هەزار گەنجی ڕاکردو وە سەربازی خۆدزەرەوە هەڵاتوون لە جەنگەکە، وە عقوبەی ئەوانەی دەستگیر ئەکرێن ئەگاتە " بەرزترین پلەی تاوان باری".

* هەلسان بە هەلمەتە مرۆی یەکان بە مەبەستی چاوترسێن کردنمان لەلایەن سەدەها دەستەی جیاوازی بۆرجوازی یەوە، بۆ زیاتر بەهێز بوونیان ئەبێت دەسەڵاتیان زیاترکەن لەو ناوچانەدا کە لەژێر دەستیاندایە، کاتێك کە بەڕاستەوخۆیی لە خزمەتی مەرامەکانی هازوگوێزکردنی چەك دانین(" لە پەلەقاژەیاندا بۆ بەدەست هێنانی چەك، بۆسنیەکان بێ گومان ئێستا گەیشتن بە مەرامی خۆیان وە سێربیەکانی بۆسنیا-هێرزۆگۆڤین تاوانباری هەندێ لەو وڵاتانە ئەکات کە بەشدارن لە هێلی ئاسمانی یارمەتی مرۆیی دا کە چەك دێنن و بە پەڕەشووت ئەیخەنە خوارەوە" لۆمۆند، 21 ئابی 1992).

* چەك کردنی پرۆلیتاریەکان لە چەك و کەل و پەلەکانیان، ئەوانەی کە بەرپەرچی ئەوە ئەدەنەوە بچن شەڕ بکەن لەبەرەکانی پێشەوەی ئەم جەنگە و ئەزانن جەنگی ئەوان نی یە، وە ئەوانەشی کەهەلدێن لێی...بەبەردەوام دەسەڵاتی HCR (کۆمیتەی باڵای پەنابەری) داوای ئەو هەڵاتووە سێربیانە ڕەت ئەکاتەوە کە " ناچن شەڕ بکەن لەگەل ئەو کرواتیانەی کە سەر بەهەمان ناوچەن". بۆ چەك کردنی ئەو خەلکە-مزعیجە، بۆ ڕەوانەکردنەوەیان بۆ وولاتەکە"یان"، بۆرجوازیەت بە دەست و قاچی بەستراوەوە بەڕێ یان ئەکات، وەکو مەڕی ئاشتی خواز و بێ زیان، بۆ بەر سێدارەکانیان. وە بەناوی ئاشتی یەوە، لەسێبەری ئاڵای ڕیککەوتن دا، لەسایەی UN دا، پرۆلتاریەکان ناچار ئەکەن کە چەکەکانیا دانێن و بە ڕەزیلی چاوەڕوان بن بۆ سەعاتی لە سێدارەدانیان لە قەسابخانەکاندا، لە مەیدانەکانی شەڕ دا.

* بۆمبابارانی بێ ووچان، وە هەل کوتانەسەر و پەلاماری میلیشیاکان، ڕاگەیاندنی ئامادەبوونی گشتی و زیادکردن و پتەوکردنی زیندانەکان، کەمپەکان، پەناهندەکان و چارەنووسە داماویەکەیان... دەست کورتی، خواردن بە بیتاقە، بەرزبوونەوەی نرخەکان، برسێتی و پەك کەوتەیی، بێ کاری کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان ئەگرێتەوە. دەولەتە جیاوازەکان هەول ئەدەن کە سوود لە بارودۆخی جەنگ وەرگرن بۆ خستنەلاوەی ئەو بەشە بەرهەم هێنەرانەی کە دواکەوتوون و داسەپاندنی قوربانی دانی نوێ بەسەر پرۆلیتاریەکاندا.

ئائەوەیە ڕاستی جەنگ!

---

وریایی کۆمەڵایەتی